# باسی بۆگەنی حیزبایەتی و دەمارگیری و تەفریقە کە ڕێگایە بۆ ئاگر نەك بەهەشت!

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (افترقت اليهود على إحدى و سبعين فرقة ، فواحدة في الجنة و سبعين في النار ، و افترقت النصارى على اثنين و سبعين فرقة فواحدة في الجنة و إحدى و سبعين في النار ، والذي نفسي بيده لتفترقن أمتي على ثلاث و سبعين فرقة ، فواحدة في الجنة ، و ثنتين و سبعين في النار ، قيل : يا رسول الله من هم ؟ قال : هم الجماعة ) سلسة الاحاديث الصحيحة 1492

واتە : ( جولەکە بەش بەش بوون و بوون بە حەفتاو یەك بەش ، یەك بەشیان بۆ بەهەشتەو حەفتایان بۆ ناو ئاگر ، وە نەسارا =گاورەکان یان دیانەکان= بەش بەش بوون و بوون بە حەفتاو دوو بەش یەك بەشیان بۆ بەهەشتەو وە حەفتاو یەك بەشیان بۆ ناو ئاگر ، سوێند بەوەی نەفسی منی بە دەستە ئوممەتی من بەش بەش ئەبن بۆ حەفتاو سێ بەش ، یەك بەشیان لە بەهەشتە ، وە حەفتاو دوو بەشیان لە ناو ئاگر ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمانە کێن =کە ئەچنە بەهەشت= ؟ فەرمووی : ئەوان جەماعەتن ) =ئەوانەی لەسەر حەق کۆ بوونەتەوە لە سەر ڕێبازی سوننەت و مەنهەجی سەحابە وە ئەوانەی تەفریقە ناکەن و لە تاعەتی سەرۆکی وڵات دەرناچن و بەرەنگاری نابنەوە  ئەمانە جەماعەتن= لە بەر ئەوەش لە ڕیوایەتێك هاتووە لای پێشەوا ترمذي : ( قالوا ومن هي يا رسول الله قال ما أنا عليه وأصحابي ) واتە : ( وتیان : ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی ئەوەی لە سەر ئەو ڕێبازە بێ کە من و هاوەڵەکانمی لە سەرین ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لە فەرمودەیەکی تر کە بوخاری گێڕاویەتەوە ئەفەرموێ : ( لا تختلفوا فإن من كان قبلكم اختلفوا فهلكوا ) واتە : ( خیلاف مەکەن و لێك جیا مەبنەوە چونکە ئەوانەی پێش ئێوە =جولەکەو دیانەکان= خیلاف کەوتە نێوانیان و لێك جیا بوونەوەو بە هیلاك چوون ) .

وە لە فەرمودەیەکی تر هاتووە کە ئیمام بوخاری و موسلیم ڕەحمەتی خوایان لێبێ ئەی گێڕنەوە لە جابر ڕەزای خوای لەسەر بێ باسمان بۆ ئەکا کە لەگەڵ

پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە غەزایەکا بوون دوو کەس لە موهاجیرو ئەنسار بوو بە کێشەیان یەکیان ووتی ئەی ئەنسار وە ئەویتر ووتی ئەی موهاجیرەکان ، پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم کە ئەمەی بیست فەرمووی : ( ما بال دعوى الجاهلية ) واتە : ( ئەمە چیە بانگەوازی جاهیلی ئەکەن ) پاشان کە کێشەکەیان بۆ ڕوون کردەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى الە وسلم فەرمووی : ( دعوها فانها منتنة) واتە : ( وازی لێبێنن ئەوە بۆگەنە و پیسە ) .

**هەندێك لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

1- بۆمان دەر کەوت کە ئەو ئوممەتەش وەك ئوممەتانی تر پارچە پارچە ئەبێت .

2- ئەو ئوممەتە ئەبێتە حەفتاو سێ فیرقەو پارچە تەنها یەکێکیان لە سەر ڕێگای ڕاستە.

3- تەنها ئەوانە لە سەر ڕێگای ڕاستن کە ئەمێننەوە لە سەر ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الە وسلم و ڕێبازو مەنهەجی سەحابەکان خوا لێیان ڕازی بێت بە بێ زیاد کردن و کەم کردن و گۆڕین .

4- وە ئەوانەش پێیان ئەوترێ جەماعەت کە لەسەر سوننەتن و لێی لانادەن وە ئەوانەی تەفریقە ئەکەن و لە حەق و سوننەت لایان داوە جەماعەت نین هەر چەندە حیزبیش بن و خەڵکی زۆریان بۆ خەڵەتابێ و ئەتباعیان زۆر بێ چونکە جەماعەت ئەوەیە لە سەر حەق بیت ئەگەر تەنیاش بیت وەك هاتوشە لە عبدالله ی کوڕی مسعود خوا لێی ڕازی بێ لە بەر ئەوە با بە بانگەشەی حیزبیەکان نەخەڵەتێین بەوەی ئەوان بە خۆیان بڵێن جەماعەت نەخێر ئەوان دەرچوون لە جەماعەت و تەفریقەیان کردووە .

5- سەیر کەن حیزبایەتی و دەمارگیری و تەفریقە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویێ بانگەوازی جاهیلیەتەو بۆگەنە ئەشزانین کە ئەم دوو ناوە موهاجیرو ئەنسار دوو ناوی شەرعین لە قورئانا مەدحیان کراوە بەڵام ئەگەر ببێ بەهۆی لێك جیابوونەوەو ئاژاوە لەناو موسڵمانان

پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی الـه وسـلم فـەرموی : ( دعوهـا فانهـا منتنـه )
ئاوا بەتوندی نەهی لێکردن ئەی چی ئەڵێی بەم حیزبانە !!!.

**دەبا بەخۆمانا بچینەوەو بە دروشمی بریقەداری ئەم حیزبیانە نەخەڵەتێن و عیبرەت وەربگرین لەو هەموو ماڵ وێرانیەی بە هۆی ئەوانەوە بە سەرمان هات حیزبایەتی بوو بەهۆی ئەوەی باوك و كوڕ و ژن و مێرد و براو برا و جیران و جیران و كەس و كار لە یەكتر بكاو بووە هۆی خۆێن ڕشتن و ئاوارە بوون و دەر بەدەری دە با ببێ بە دەرس بۆمان و بگەڕێینەوە بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە ئەو ئیسلامەی پێغەمـەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لە گەڵ هاوەڵەكانی خوا لێیان ڕازی بێ لە سەری بوون نەك ئەوەی كە خەڵك بە ئارەزوو بە پێی بەرژەوەندی حیزب و كۆمەڵی خۆی ئەیلكێنێ بە ئیسلام ئەوە ئیسلامە كە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وعلـی الـه وسلم وەرگیرابێ غەیری ئەوە هەر كەسێك هەر حیزبێ شتێكی تری هێنا بە ناوی ئیسلام كە لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وعلـی الـه وسـلم وەر نـەگیرابێ ئـەوە ئەدرێتەوە بە سەریان و ئیسلامیش لێیان بەریە .**

**باوكی حارث**